# ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال

کاتێ «عەلی حەسەن مەجید» لەلایەن سەددام و سەرکردەیەتیی حیزبی بەعسەوە، هەموو دەسەڵاتێک دراپێی و، کرا بە فەرماندەی هێزەکانی باکووری ئێراق (باشووری کوردستان)، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بە هەزاران پێشمەرگەی لە دەوروبەری سلێمانی و دۆڵی «جافەتی» دا کۆکردبووەوە، بەدەیان پێگەی سەربازیی رژێم لەسەر شاخە بەرزەکانی ئەو نێوچانە لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانییەوە گیران.

رژێم لە تۆڵەی ئەو شکستانەیدا، سەرەتا نەخشەی لەنێوبردنی گوندەکانی «بالیسان» و «شێخ وەسان» ی بە چەکی کیمیایی دارشت. ئەم دوو گوندە، دەوروبەری ١٥ کیکۆمەتر لێکدوورن و لە دۆڵێکی لالێژ و لەنێوچەی «خۆشناوەتی»، لە باشووری شارۆچکەی «رەواندز» هەڵکەوتوون.

«بالیسان» لەساڵی ١٩٨٧ نێزیکەی ٢٥٠ بنەماڵەی لێدەژیا و ژمارەی دانیشتووانی دەگەیشتە ١٧٥٠ کەس. دۆڵەکە، بارگەی مەڵبەندی (٣)ی یەکێتیی نیشتمانی لێبوو، بەڵام پێشمەرگەکانی ئەو هەرێمە، هەموویان رۆیشتبوون بۆ گرتنی پێگەکانی حکوومەت لە دۆڵی «جافەتی». رژێم لە ساڵی ١٩٨٣ وە، هەموو نێوچەکانی بندەسەڵاتی پێشمەرگەی بە نێوچەی «قەدەخەکراو» نێوزەدکردبوو. بەرگری دەکرد لە ناردنی هەرجۆرە خواردن و خواردەمەنی و کەلوپەلێکی پێویستی ژیان بۆ ئەو نێوچانە. فرۆکەی جەنگیی بەردەوام هێرشیان دەکردە سەریان و، گەلێک جاریش، رژێم، بۆ ستاندنەوەیان لەدەستی پێشمەرگە، هێرشی سەربازیی دەکرد. لەکاتی بۆمباباران کردندا، گوندنشینەکان، پەنایان بۆ ئەشکەوت، یان حەشارگەی دژەفرۆکە دەبرد کە خۆیان لەدڵی زەویندا هەڵیانکەندبوو...

لە دوانیوەرۆی درەنگی باراناوی ١٦ ی ئەپریلدا، گوندنشینەکان لە کێڵگەکانیان گەرابوونەوە و خواردنیان ئامادەدەکرد. گوێیان لەگیزەی فرۆکە بوو نێزیک دەبووەوە. هێندێک لە خەڵکەکە لەنێوماڵەکانیاندا مانەوە. هێندێکی دیکەش خۆیان پێرانەگیرا و بەرەو حەشارگەی دژەفرۆکە هەڵاتن. دوانزە فرۆکە بینران کە نزم بوونەوە و بەسەر گوندەکاندا بۆمباکانیان فرێدایە خوارەوە. لە هەموو لایەکەوە، دەنگی تەقینەوەی کپکراو و بێدەنگ دەبیسترا...

شریتی ڤیدیۆ رەسمییەکەی بۆمبابارانکردنی دۆڵی بالیسان کە یەکێک لە جاشەکان تۆماری کردبوو، پێشانیدەدات کە چۆن دووکەڵی هەورئاسای سپی، خۆڵەمێشی و مۆر، بە هورووژم لە بەرزاییەکانەوە بەنێو دۆڵ و گرد و تەپۆڵکەکاندا دێتە خوارەوە. شنەبای ئێوارانەی فێنکیش لە باشوورەوە هەڵیکردبوو، بۆنی نامۆی لەگەڵ خۆی دەهێنا. لە سەرەتا بۆنەکان خۆش بوو - لە بۆنی گوڵ و گوڵزار دەچوون. بەلای هێنێک کەسەوە لەبۆنی سێو و سیر دەچوون، چەندکەسێکیش دەیانگوت لەبۆنی دەرمانی مشک و مێشکوژ دەچوو. ژنێکی بەتەمەنی خەڵکی بالیسان گوتی:

« خۆر ئاوا ببوو. لەکاتی کیمیابارانەکەدا هەموو دنیا تاریک بوو، تاریکی هەموو شوێنێکی داپۆشی، نەماندەتوانی هیچ کوێیەک ببینین، تەنانەت یەکتریشمان نەدەدیت. تەم و دووکەڵێکی چڕ بوو. هەموومان کوێربووین، گەلێک کەس دەرشانەوە. دەمو چاوی خەڵکەکە رەشهەڵگەرا و ژێربالیان ئاوسا. لەتاو ئازار، هەر خەڵک بوو دەیقیژاند و هاواری دەکرد. ژنانیش ژێرمەمکەکانیان ئاوسابوو. دواتر مادەیەکی زەردی تراو لە چاومان رژایەخوارەوە.

زۆر کەس لەوانەی لەمردن رزگاریان بوو، تا چەند مانگ کێشەی بیبینیان بوو. لە «شێخ وەسان» رزگاربووەکان ژنێکیان بینیبوو - بە کوێری بەملاوبەولادا دەکەوت و، سەری منداڵەکەی توند گرتبوو، نەیدەزانی مردووە! هێندێ لە خەڵکەکە بەرەو چیاکان هەڵاتبوون و لەنێو دار و دەوەن و ئەشکەوت و بن تاشەبەردەکاندا مردبوون. ئەو خەڵکانەی لە بۆمبابارانەکەوە نێزیک بوون، نەیانتوانیبوو هەڵێن و لە شوێنی خۆیان مردبوون. شایەتێک کە پێشمەرگە بوو، بە HRW/ME راگەیاند، کە سەعاتێک دواتر هێرشی دووەم بە هەلیکۆپتەر دەستپێکردبوو...

سەرلەبەیانی رۆژی دوایی، هێزەکانی رژێم لەگەڵ جاشەکاندا چوونە نێو بالیسانەوە. لە پێشدا زێو و کەل و پەلی نێو ماڵەکانیان تاڵان کرد، ئەوجا گوندەکەیان تەتاندەوە و لەگەڵ زەویدا تەختیان کرد. هەرئەو رۆژە، هەندازیارانی سوپا، بە رەچاوکردنی ئەو زانیارییەی کە پاش تێپەربوونی رۆژێک، گازەکە کارکردی نامێنێ، هاوکات، گوندی «شێخ وەسان» یشیان تەقاندەوە و لەگەڵ زەویدا تەختیان کرد. ئەو دانیشتووانەی لەچەقی بۆمبابارانەکەوە هێندێک دوورتر بوون، لە شەوی کیمیابارانەکەدا هەڵاتن و خۆیان لە نێوچەکە دوورخستەوە. هێندێکیان